# * نامەیەک لە (بەڕۆژ ئاکرەیی)یەوە بۆ حەمە عەباس

**ئا: حەمە عەباس**

**۱۹۹٤/٤/۳ ستۆکهۆڵم**

**حەمە عەباس گیان**

ئەمڕۆ لەگەڵ هەندرێن (١) بە تەلەفۆن قسەمان کرد، گوتی گوایە برادەرێک دەگەڕێتەوە لاتان. بڕوا بکە هەر کاتێ دەمەوێ نامەیەک بنووسم، هەموو لەشم ئارەقە دەکا، چونکە نازانم چی بنووسم. من هەست دەکەم ئێمەمانان هیچ پێویست ناکا، نامە بنووسین. (مەبەستم بۆ یەکترە)، چونکە خودی شیعرەکان چاکتر لە نامەکان دەربڕی واقیعی زەین و دەروونن.

دەمێکە نامەکەی تۆ و شوانەم (٢) پێگەیشتوو(ە)، پێم خۆشە پێت وا نەبێ ئەم نامەیەم وەڵامی نامەکانتانە. تەنیا دەربڕی هەستی یەتیمی منە بۆ ئێوە کە هەرگیز نەمدیون و هەست دەکەم چەندین و چەندین ساڵە یەکتر دەناسین.

سوپاس بۆ تێبینییەکانت لەسەر (مردن لە ئاوێنەدا)، هەرچەند پێم وایە ئێمە دەکرێ زۆرتر لە حاڵەتەکان و ستراکتۆر بدوێین و ئەمەش دیارە بە نامەی شەش حەوت مانگ جارێ ناکرێ، بەڵام من بڕوام بە دەنگە تازەکا(ن) هەیە و پێم وایە ئەگەر بتوانم تێکەڵی کۆرسی ئەم دەنگە تازانە بم، دەبم بە بەشێک لە بارهەڵگرانی ئەم کۆچە ڕۆحییە. ئێمە هەموومان خەریکی نووسینی یەک شیعرین. هەرکامێکیشمان لەلایەکەوە بۆی هاتووین و بۆی دەچین. دەبێ گەلێ بێ بەزەییانەش لە ئاست نووسراوەکانمان ڕاوەستین، بەڵام لەم بارودۆخە دۆزەخییەی واقیعی دەرەکی ئەوێ و حەقیقەتی ناوەکی ئێرە و هەراج بوونی گۆڤار و گۆڤارچییەکان، من گومانم لەوە هەیە کە بتوانم دەنگە ڕەسەنەکان ببینم، بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ من لەڕووی نووسینەوە بە گومانتر و لاوازتر و کزتر دەبم، بەڵام دڵنیابە ئەگەر بزانم خراپتر لەوەی تا ئێستام نووسیوە دەنووسم، هەرگیز نانووسم.

نازانی.. منیش نازانم بۆچی ئاوا سەرچیخ ڕۆیشتم. گرینگ نییە. شەو درەنگە. ماڵەکەم چۆڵە. سەیری پەنجەرەکانی بەرامبەر ماڵەکەم دەکەم، هەموویان تاریکن.

شەوێکی خۆش.. برایەکەم

**ماچ و خۆشەویستی**

**برات**

**بەڕۆژ ئاکرەیی**

**ئیمزا**

**(١) مەبەستی لە (هەندرێن)ی شاعیر و مامۆستای زانکۆیە.**

**(٢) مەبەستی لە کەریم کاکەی شاعیر و ڕۆماننووسە.**

